# بەردەنووسی سەر گۆڕی شارێک

بۆن دێ بۆن دێ
بۆنی سێوی بەهەشتەکەی ئەم دونیایە
بۆنی بۆمبای کارگەکانی ڕژێمی پیسی سەرمایە
شەو باوێشکی لە گلێنەی خۆرا ئەدا
ڕوومەتی شار
وەک مرواری ناو کانیاوی شیعری گۆران
شەڕی لەگەڵ ڤینۆسەکەی یۆنان ئەکرد
گولێ موژدەو ماچی گەرمی بۆ دووارۆژی
شار ئەباران.
وەک گشت ساڵێ,چاوەڕوان بوو
پەنجەی سرو تەرەکیوی چاو مەسەکان
هەلگیرسێنێ گڕی سووری نەورۆزەکەی هەموو ماڵێ
بەتەمابوو چاوی گوڵە  نێرگسەکەی ئەم ساڵیشی
قوربانی هەڵپەڕکێی نەورۆزبێت
سروودەکەی مامە یارەی
وەک ئاهەنگی یەکەم ڕۆژبێت.
چێشتەنگا  بوو
خۆر لە ئاستی پرچی کاڵی هەڵەبجەدا
شەرمەزاربوو
بەچواریەکی ئاسمانەوە
گۆنای شاری ئەلستەوە
پەنجەی گڕو ئاڵتونینی  تێکەڵ سنگو مەمکی شار بوو
چێشتەنگا  بوو
جەلادەکەی شاری بەغدا ڕشایەوە
ئاسمانی شار ڕەش هەڵ گەڕا
دێڕ بە دێڕی مافی مرۆڤ
لە چەکمەجەی ماف نووساندا
هاتە لەرزینو پێکەنین
دوا تروسکەی سۆمای چاوی خەڵکی شارم
لە گەڵ هاوارو خۆڕنین کوژایەوە.

به چەن ڕۆژێ بەر لە نەورۆز
بەر گڵپەی گڕی پیرۆز
ئەژدەهاکی سەدەی گریان
ژەهری کردە جەژنانەی شار
بەخوێنی چاوی هەڵەبجە
لەسەر گۆنای جوانی بەهار
لە ناو جەرگەی شاری کپا
لە جیاتی ناوی پیکاسۆ
لە سوچێکی جۆرنیکادا
نووسی
جەژنانەی مردنتان پیرۆز
هەتا ئێستاش هەموو ساڵێ بەرلە نەورۆز
به چەن ڕۆژێ خۆری ئاسمانی هەڵەبجە
سنگ بۆ مەرگی شار ئەکوتێ
لە گەڵ دەنگە زوڵاڵەکەی هاوڕێ شڤان
بەسەر تەرمی بێ تابووتا
لاوکی پرسەی بۆ دەڵێ
هەتا ئێستاش هەموو ساڵێ
بەرلە گڵپەی گڕی بە سۆز بە چەن ڕۆژێ
هەوری شەیدای شاری بەفر
تێر تێر گۆنای خۆڵەمێشیی هەڵەبجەکەم
هەڵ ئەمژێ.
چاوتان لێیە پێ دەشتەکەی عەبابەیلێش
وەک ڕوومەتی هێرۆشیما هەتا ئێستاش هەر ڕەش پۆشە
چەمو کارێز تورە بوونە گوڵ ناڕوێنن کەس نادوێنن
چونکە گڕی نەورۆزەکەی شاری هەنسکو گریانم
هەتا ئێستاش هەر خامۆشە
هەتا ئێستاو بۆ لەمەودوا
هەتا مێژووی خوێن لێ تکاو ئابڕوو تکاو
دوا ترپەی دڵی لێ ئەدات
بەردەنووسی سەر گۆڕەکەی شارێ بێ گیان
مۆرێ گەورەی سەر ڕوومەتی گشت جیهانە
به خوێنی دڵی هەڵەبجە لێی نووسراوە
ئێمەین قوربانیی سەرمایە
ئێمەین بەڵگەی ئاشکراو ڕوون

**بۆ ناو چاوی جەلادەکەی**
**شاری سێ دارەو برسی بوون**

**کۆژان / کەلاری کۆن**
24-1-1991